

**شیرین کافی**

## هۆدایە گیان

شیرین کافی

من هەموو ڕۆژێ تاسەی دیداری تۆ دەکەم
هە موو شەوێ لەگەڵ ئەسرین خەمی دووری تۆ بەش ئەکەم
کاتی خەمی بێ تۆیی سەراپایی جەستەم دادەگرێ
ناڵەم دەگاتە دیوانی خودا, بەڵام ئەفسووس گوێم لێ ناگیرێ
هۆدایە گیان لەمیوانی خەوی قوڵدا دەست لەملانی عیشقت دەبم
پڕ بەئامێز لەباوەشی سۆزت دەگرم بەڵام ئەفسووس تۆلێم ونی
بۆیەکاتێ گوێم لەوشەی پیرۆزی دایك دەبێ
کڕنوش دەبەم بۆگەردوون و پڕبەگەرووم هاوار دەکەم
ئەی گەردوونی لەمن یاخی دەبێ بۆ چ من دایکم نەبێ
هۆدایەگیان دەستی چەپەڵی زۆرداری لەئامێزی منی کردی
ئەسووس دایە دوای مەرگی تۆ گەردوون ئازاری پێچەشتم
بەڵام دایە دڵنیابە بێبوونی تۆ هەرگیز ڕۆژێ ئارام نابم.

٢٠١٨/٥/٨
کۆڵن
شیرین کافی